رێبوار محیەدین جەباری راهێنەری پێشووی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر:

# خەونی گەورەم ئەوەیە لە ژێر ئاڵای کوردستان لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بەشداری بکەین

**مامۆستا رێبوار جەباری یەکێکە لە راهێنەرە هەر بەتواناکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان و رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە دروستکردنی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی کچان لە شاری هەولێر و پێگەیاندنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی شاری هەولێر کە زۆربەی کات بە ئاستە بەرزەکانیان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق ژمارەیەکی گەورە بوون. رێبوار جەباری پێشووتر لە ریزی یانەی وەرزشی هەولێر راهێنەری تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکە بووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی ماوەیەکە وازی لە کاری راهێنەری هێناوە، ئێستاش تەنیا راهێنەری هەڵبژاردەی کچانی گۆڕەپان و مەیدانی عێراقە. ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٠ی شاری هەولێرە و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە و بەرێوەبەری کارگێری دەزگای خێرخوازی بارزانی-یە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

*** ماوەیەکە دووری لە کاری وەرزشی لە کاری راهێنەری ناتبینین، هۆکاری ئەوە چییە؟**

- بەهۆی ئەوە دوورم کە وازم لە کاری راهێنەری هێناوە، ئەمە هۆکارەکەیەتی، هەروەها قەیرانی دارایی وایکرد کە واز بهێنم، گەرچی بۆ ماوەی ساڵێك زیاتریش بەردەوام بووین، بەڵام لە کۆتایی بێ هیوا بووین لە چارەسەرکردن.

*** ئایا وەکو راهێنەر پێوەندیت لەگەڵ یانەی وەرزشی هەولێر ماوە؟**

- هەرگیز ناتوانم لە یانەی هەولێر داببڕێم، بەڵام ئێستا وەکو ئەندامێك لەم یانەیە ماوم، نەك وەکو راهێنەر.

*** ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستان، یانە نەماوە لەم یارییە، بەڵام یاریزان زۆرن، لە دهۆکیش یانە نییە، تەنیا یاریزان هەیە، بەڵام لە سلێمانی دوو یانەی بەهێز هەن پێشمەرگە و سیروانی نوێ.

*** پێتوایە چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئەم یارییە هەستێتەوە؟**

- تا بارودۆخی دارایی باش نەبێت، زەحمەتە وەرزش بگەرێتەوە ئاستی جارانی خۆی .

*** هەست ناکەی یاری گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان بەرەو لە ناوچوون دەچێت؟**

- نەك یاری گۆڕەپان و مەیدان بەڵکو سەرجەم یارییەکان بەرەو نەمان چوون و ئەوانی تریش هەر کۆتایی دێت.

*** تاکە راهێنەر بووی لە هەولێر کە چەندین یاریزانی کچت بۆ هەولێر پەروەردە کرد، ئەم تیپەت راسپاردەی کێ کرد؟**

- بەڵێ من تاکە راهێنەر بووم کە تیپم هەبووە، راهێنەری تریش هەیە، بەڵام من بە فەرمی ئەم تیپەم رادەستی کەس نەکردووە، چونکە سەرجەم یاریزانەکانمان ئازاد کردووە بۆ ئەوەی بە خواستی خۆیان بچنە هەر یانەیەکی دیکە و یاری بکەن.


*** کێ بەرپرسە لەم بارودۆخەی وەرزشی کوردستان؟**

- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و بەتایبەت بێ پلانی یانەکان کە تایبەتن لەم بارودۆخە کە ئاستی وەرزشی بەم شێوەی لێ هات.

*** پێشتر راهێنەری هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بووی، ئێستاش بەردەوامیت، یان وازت لەم پۆستەشت هێناوە؟**

- تاکو ئێستاش راهێنەری هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی عێراقم، بەڵام بەنیازی ئەوەم لەم پۆستەشم وازبهێنم.





دیمانە: کارزان کانەبی

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە ؟**

- لە ئایندە ئەگەر باری دارایی هەرێمی کوردستان باش بێت، لە یانەی وەرزشیی هەولێر تیپ دروست دەکەینەوە، بەڵام ئەوکات وەکو ڕاهێنەر کار ناکەم، بەڵکو وەکو سەرپەرشتیار لەگەڵ یانەکەم کار دەکەم.

*** خەونی وەرزشیت وەکو ڕاهێنەرێك چییە ؟**

- خەونی گەورەم ئەوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرجەم یاریزانانی شارەکانی کوردستان لە ژێر ئاڵای کوردستان لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بەشداری بکەین.

*** هیچ گرێبەستێکت وەکو ڕاهێنەر پێشکەش کراوە؟**

- بەڵێ بۆم هاتووە، بەڵام خۆم ڕەتم کردۆتەوە، چونکە لە هیچ یانەیەکی دیکە کار ناکەم، جگە لە یانەی وەرزشیی هەولێر نەبێت.

*** بە نیاز نیت قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە؟**

- ئەگەر پارە و ئیمکانیەت نەبێت، ناتوانین هیچ کار و پرۆژەیەك ئەنجام بدەین، ئەگەر پارەش هەبێت بە دڵنیاییەوە بەرنامەی تایبەتمان دەبێت بۆ یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان و بووژانەوەی یارییەکە.

*** ئەگەر قسەیەکت ماوە؟**


- لە کۆتاییدا زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی ئازیز بۆ بەسەرکردنەوەی وەرزشکارانی کوردستان و سوپاس بۆ هەریەك لە بەڕێزان تاهیر عەبدوڵڵا جێگری پارێزگا و مامۆستا بەکر کەریم بەڕێوەبەری گشتیی وەرزش و هونەر و حەمید شوڕش و دکتۆر عەبدوڵڵا مەجید سەرۆکی یانەی هەولێر و مامۆستا بێجان بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزشی کە زۆر هاوکارمانن.



# کەریم بنزیما کاریگەرترین هێرشبەرە لە سەر ئاستی ئەورووپا دا

داتا فەرمیەکانی فیفا باس لەوە دەکەن لەم وەرزە دا ئاستی کەریم بنزیما ئەستێرەو هێرشبەری یانەی شاهانە بە بەراورد لەگەڵ میسی و ڕۆنالدۆ و نەیمار و سوارێز و لیڤاندۆسکی باشترە. لە ئێستا دا یانەی ریال مەدرید لە هەوڵ دایە هێرشبەرێکی ئاست بەرز بهێنێتە ریزەکانی خۆیەوە و ئەو یانەیە بە توندی چاوی لە سەر نەیمار داسیلڤای ئەستێرەی یانە کەتەلۆنیەکەی رکابەری سەرەکی خۆیەتی. لە لایەکی دیکەشەوە یانەی شاهانە هاوکات هەوڵ دەدات روبێرت لیڤاندۆسکی ئەستێرەی پۆڵەندی یانەی بایرن میۆنشن بەرێتە ریزەکانی خۆیەوە. ریالیەکان لە ئێستا دا بە هۆی گەمارووکانی فیفاوە بۆیان نیە تا دوو وەرزی دیکەی گواستنەوەی یاریزانان یاریزان بکرن، بەڵام ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە بوونی هەیە. ئەمەو ئاژانسی وەرزشی سێ لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەك دا ئەوەی خستووتەروو کە داتاکانی فیفا وا نیشان دەدەن بنزیما بەبەراوەرد لەگەڵ باشترین هێرشبەرانی دیکەی کیشوەری ئەورووپا دا لە دۆخێکی باشتر دایە و لە پلەی یەکەم دا دێت. بنزیما لە بیست یاری بۆ یانەی ریال مەدرید دا توانیویەتی شازدە گۆڵ تۆمار بکات بەجۆرێك ئەو یاریزانە لە هەر ٦٨ خولەك دا یەك گۆڵی تۆمار کردوە، ئەوەش لە کاتێکدایە لیڤاندۆسکی لە هەر ٨٢خولەکێك یەك گۆڵ بۆ یانەی باڤاریەکە تۆمار کردوە. هەرچی ڕۆنالدۆیە لە هەر ١١٢ خولەك دا یەك گۆڵی تۆمار کردوە. هەروەها ئەو ئاژانسە لە بارەی داهاتووی بنزیماوە بۆ بەشداریکردنی لە یارییەکانی یۆرۆی دوو هەزار و شازدە دا ئاماژە بەوە دەکات هێشتا دیار نیە ئەو هێرشبەرە ئاست بەرزە جارێکی دیکە بۆ ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بانگهێشت دەکرێت یان نا. ئەوەی کە لە ئێستا دا بۆتە جی تێڕامانی میدیا وەرزشیەکان ئەوەیە هاندەرانی وەرزش دۆستی وڵاتی فەرەنسا بەسەر دوو بەرە دا دابەش بوونە بەرەکیان پێیان باشە ئەو هێرشبەرە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی و بەرەیەکی دیکەش پێیان وایە ئەو نابێ ڕێگەی پێ بدرێت جارێکی دیکە یاری بۆ کەڵەشێرەکان بکاتەوە.







# گریزمان: هێشتا زۆرم ماوە بگەمە ئاستی میسی و رونالْدۆ

ئانتووان گریزمان هێرشبەری فەرەنسی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە دوو ساڵی ڕابردوو دا بە هۆی پێشکەش کردنی ئاستێکی هونەری بەرز بۆتە جێ بایەخی یانە گەورەکان، بەڵام ئەو پێی وایە هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئاستی میسی و ڕۆنالدۆ. جێی ئاماژەیە لە ئێستا دا یانەکانی چێلسی و پاریس سان جێرمان بە توندی هەوڵ دەدەن ئەو ئەستێرە ئاست بەرزە بەرنە ریزەکانی خۆیانەوە، بەڵام ئەو یاریزانە تا ساڵی دوو هەزار و بیست و دوو پەیوەستە بە گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی.
گریزمان لەم وەرزەدا دوانزە گۆڵی بۆ یانەکەی تۆمار کردوە و حەزیش ناکات لە ریزەکانی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید جیا ببێتەوە. گریزمان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند من لە ریزەکانی یانەکەم دا هەست بە ئاسودەیی و خۆشحاڵی دەکەم، چونکە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید یانەیەکی گەورەیە و من حەز دەکەم لە ریزەکانی یانەکەم دا بەردەوام بم و براوەی چەند نازناوێکیش بین. هەروەها ناوبراو ئاماژەی بۆئەوەکرد و گوتی: من یەکێکم لەو یاریزانانەی کە بەردەوام لە پێناو دەستەبەر کردنی نازناوی نوێ دا یاری دەکەم و خۆشحاڵم کە لەئێستادا دەتوانم ڕۆڵی یاریزانێکی سەرەکی ببینم. لەبەشێکی تری قسەکانیدا ئانتووان گریزمان دووپاتیکردەوە: هەوڵ دەدەم دووبارە پەرە بە ئاستی خۆم بدەم بۆ ئەوەی رۆژێك بگەمە ئاستی میسی و ڕۆنالدۆ. هەروەها گریزمان لە بارەی ئاستی یانەکەیانەوە دەڵێت : ئێمە لەو وەرزە دا دەبێ بە توندی ململانی لەگەڵ یانە کەتەلۆنیەکە دا بکەین بۆ ئەوەی براوەی نازنای خولی لالیگا بین لەگەڵ ئەوەش دەزانم ململانێکردن لەگەڵ ئەستێرەکانی ئەو یانەیەدا کارێکی زۆر ئەستەمە، بەڵام ئەگەر ئێمە خوازیاری بردنەوەی نازناوەکەین ئەوە تاکە ڕێگەی ئەو ئامانجە سەرکەوتنەکانمانە.



# مێندیەتا:
# نەیمار دەتوانێت بگاتە ئاستی میسی و رونالدۆ

گازێتا مێندیەتا،یاریزانی پێشووی هێڵی ناوەراستی هەڵبژاردەی ئیسپانیا،رایگەیاند: نەیمار لە دوو ساڵی رابردوو دا بە خێرایی پەرەی بە ئاستی خۆی داوە و لە داهاتوو دا دەتوانێت هاوشێوەی میسی و رونالدۆ مێژوو بۆ خۆی و یانەکەی دروست بکات.

مێندیەتا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە بارەی نەیمار داسیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی یانە کەتەلۆنیەکەوە ئەوەی خستەروو کە: لە ئێستا دا میسی باشترین یاریزانی جیهانە و ئەو دووبارە دەتوانێت پەرە بە ئاستی خۆی بدات، بەلام رونالدۆ لەو وەرزە دا ئاستی وەکو پێویست نیە،بە رای من تاکە یاریزان کە لە ئێستا بتوانێت خۆی بگەیەنێتە ئاستی میسی و رونالدۆ تەنیا نەیمارە، لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوو دا میسی و رونالدۆ بە پێشکەش کردنی ئاستێکی بەرز براوەی نازناوی تۆپی زێرینی باشترین یاریزانی ساڵ بوونە ئەوەش بەو مانایەیە کە ئەو دوو ئەستێرەیە بەشیکن لە جوانی یاری تۆپی پێ. هەروەها مێندیەتا، لە بارەی ئاستی سێ گۆشە تۆقینەرەکەی هێڵی هێرشبردنی یانە کەتەلۆنیەکەوە ئاماژەبەوە دەکات کە: من دڵنیا نیم ئەو سێ گۆشە مەترسیدارە باشترینی مێژووی تۆپی پێن یان نا، بەڵام دڵنیام یەکێکن لە باشترین هێڵی هێرشبردنەکان لە سەر ئاستی جیهاندا،میسی، سوارێز و نەیمار سێ ئەستێرەی ناوازە و تەواوکەری یەکترین و گرینگترین هۆکاری سەرکەوتنی ئەو سێ یاریزانە رۆحی لیبوردەییانە بەرامبەر بە یەکتری چونکە هەرسێکیان بە باشی گۆڵ بۆ یەکتری دروست دەکەن،زۆر جار بینیومانە ئەستێرەکان لە ریزی یەك یانەش دا لە دژی یەکتری بوونە، بەڵام گەورەیی میسی هۆکارە بۆ ئەوەی لە ریزەکانی یانەی بارسا دا حاڵەتێك واروونەدات جیا لەوەش کۆمەڵێك ئەستێرەی دیکە ئەو یانەیە بەباشی هاوکاری ئەو یاریزانە دەکەن.

# پێشمەرگەی هەولێر ئومێدی زۆریان هەیە

یانەی پێشمەرگەی هەولێری پیرمام ئەمساڵ بە کۆمەڵێك گرفتی داراییەوە بەشداری لە کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی کردووە، هەرچەندە تیپەکە لە پێنج یاری رابردوو تا رادەیەك ئاستی شایستەی پێشکەش کردوە و جگە لە یاری برایەتی نەبێت، کە بە دۆڕاو هەژمارکرا بۆی و دوورخستنەوەی هەتاهەتایی راهێنەری گۆڵپارێزی یانەکەی، بەڵام دەستەی راهێنەرانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئومێدی تەواویان بەخۆیان هەیە کە دەتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن لە یارییەکانی داهاتوو، بۆ ئەوەی خۆیان بگەینە یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە کۆمەڵەی دووەمی خولەکەی، لە بارەی ئاستی تیپەکەش سەمیر بابۆ راهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەر چەندە ئێمە لە سەرەتای خولەکە ئاستمان وەکو پێویست نەبوو، لە یاریشمان بەرامبەر برایەتی بە دۆڕاو هەژمارکرا یارییەکە بۆمان کە زۆر کارێکی دژی ئێمە بوو، بەڵام هەر وەکو بڕیاری ئەوەماندابوو کە نابێت ئەو ئەنجامە کاریگەری لەسەر ئاستی یاریزانانمان دروست بکات، لە رووی دەروونییەوە یاریزانانمان بە شێوەیەکی باش ئامادە کردووە، جگە لەوەش گرفتی داراییمان هەیە وەکو سەرجەم یانەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی هەولێر دەکەین کە پاڵپشتی بەردەوامی تیپەکەمانن، ئێمەش هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی یاری بۆ یاری ئاستمان باشتر بێت،» لەبارەی پێشبینیکردنی بۆ ئەنجامی تیپەکەش بابۆ گوتی: «ئێمە خاوەن کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرزین لە خولی نایابی کوردستان و متمانەی تەواومان بە خۆمان هەیە کە پشتیوان بە خوای گەورە دەتوانین خۆمان بگەینە یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یاریزانانیش ئەو ئامادەییەیان تێدایە کە بتوانن ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین.»



# یانەی هەولێر پرۆژەی بازرگانی ئەنجام دەدات

بە ئامانجی باشتربوونی باری دارایی یانەکە و رزگاربوون لەم قەیرانە داراییە سەختەی کە بەرۆکی یانەکانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، یانەکانی کوردستانیش لە ئێستادا بەشێکیان پشتیان بە پرۆژەکانیان بەستووە و بەشێکیان بەو پارەی کە دەستیان دەکەوێت بۆ بەڕێوەبردنی یانەکانیان لە تیپە جۆراوجۆرەکانیان سەرفی دەکەن، یانەی وەرزشیی هەولێریش وەکو سەرجەم یانەکانی دیکەی کوردستان قەیرانی دارایی تەنگی پێ هەڵچینوە و تا ئێستا گرێبەستی یاریزانانی تیپەکەی نەداوە، جگە لەوەش چەند تیپێکیش، بەبێ بوونی هیچ بڕە پارەیەك و تەنیا لەبەر خۆشەویستییان بۆ شارەکە و یانەکەیان بە خۆبەخش یاری دەکەن، بەڵام کارگێڕانی هەولێر بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی وەرزشی یانەکە پلانیان هەیە و بەنیازن پرۆژەیەکی دیکەی بازرگانی بکەنەوە. هەر لەو بارەیەوە مەحموود عەزیز جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا بەشێك لە تیپەکانمان بە خۆبەخش یاری دەکەن، ئەوەش بۆ ئێمە جێگەی دڵخۆشییە کە ئەوان کوڕی تیپەکەمانن و بۆ خۆشەویستی یانەکەیان و بەرزکردنەوەی ناوی شارەکەیان بە خۆبەخشانە یاری دەکەن، بەتایبەت تیپی باڵەو دەتوانن ببنە پاڵەوانی کوردستان، هەر چەندە ماوەیەکی زۆرە مووچەیان نییە، ئێمە هەوڵی بەردەوام دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین دەرگایەکمان لێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی مووچەی سەرجەم ئەو تیپانە دابین بکەین، کە هیچ مووچەیەکیان وەرنەگرتووە، بۆیە لە ئێستادا پلانمان هەیە پرۆژەی بازرگانی دیکە لە یانەکەمان بکەینەوە بۆ ئەوەی توانین باری دارایی یانەی وەرزشیی هەولێر باشتر بکەین، هەوڵیش دەدەین بتوانین ئاستی تیپەکانی تریش بەرەو پێش ببەین، چونکە قەیرانی دارایی بەرۆکی هەموو لایەکی گرتووە و بڕیاری ئەوەشمان داوە تیپەکانی ترمان کە مەشقیان وەستاوە، دەست بە ئامادەکارییەکانیان بکەن بۆ خول و پاڵەوانیەتیەکانی داهاتوو.»



# کۆڤان حەسەن لە ئێستاوە بۆ ئۆڵۆمپیاتی بەرازیل ئامادەکاری دەکات



کۆڤان حەسەن یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی خاوەن پێداویستی تایبەتی قەزای ئاکرێ، یەکێك لە یاریزانە هەر بەتواناکانی هەڵبژاردەی خاوەن پێداویستی تایبەتە لە عێراق و خاوەن کۆمەڵێك نازناوی جۆراوجۆرە لەسەر ئاستی جیهان، لە ئێستاشدا ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ لە مانگی ٨ی داهاتوو لە ئۆڵۆمپیاتی بەرازیل بەشداری بکات کە و لە کیشوەری ئەمریکای باکووریش مەدالیایەکی ئۆڵۆمپیات بەدەست بهێنێت، بۆیە لە ئێستاوە دەستی بە ئامادەکارییەکانی کردوە کە هێشتا حەوت مانگی ماوە بۆ ئەوەی کێبڕکییەکانی دەست پێبکات، لەم بارەشەوە کۆڤان حەسەن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا وەکو یاریزانی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی خاوەن پێداویستی عێراق ئامادەکاریی دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە مانگی هەشتی داهاتوو لە وڵاتی بەرازیل بەشداری بکەین، ئێستا منیش وەکو یاریزان لە شاری بەغدای پایتەختی عێراق ئامادەکاری دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم لە ئێستاوە ئامادەکاری پێویستی بۆ بکەم و چاویشم لەوەیە کە ئەنجامی باش بەدەست بهێنم، تا بتوانم ناوی خۆم بەرز بکەمەوە و ئەنجامی شایستەش بۆ هەڵبژاردەی عێراق بەدەست بهێنین، ئامادەکارییەکانیشم بە سەرپەرشتی راهێنەرەکەم ئەنجام دەدەم، هەر چەندە هێشتا زووە کە ماوەی پاڵەوانێتییەکە زۆری ماوە، بەڵام راهێنەرانی هەڵبژاردەی عێراق پلانی تۆکمەیان هەیە بۆ ئەوەی سەرجەم یاریزانان ئامادە بکەن و بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین»، لە بارەی گرفتەکانیشی کۆڤان گوتی: «سوپاس بۆ خوای گەورە گرفتێکی ئەوتۆمان نییە و بە هیوای ئەوەم بتوانن رێکۆردێکی جیهانیش لە وڵاتی بەرازیل بە ناوی خۆم تۆماربکەم.»